# کۆبوونەوەکانی ئەمجارە

## کارێکی تازە نیە لەمێژووی یەکگرتووی ئیسلامی!

**بەشدار عەلی**

لەو ماوەیەدا سەرکردایەتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەهاوینە هەواری شەرم شێخ لەگەڵ پاشماوەی بەعس وتوندڕەوە ئیسلامیە سونەکان کۆبونەتەوە بەتێڕامانێکی سەرپێی بەپێکهاتەکانی نێو کۆبونەوەکە تێدەگەین کەئەمانە ئامانج ومەبەستیان چیە دەیانەوێت چی بکەن,چونکە کارو کردەوەو بەرنامە و سیاسەتی ئەمانە لەمێژووی کوردستان وعیراقدا جگە لەنەهامەتی و سەرگەردانی و دەردومەینەت هیچی تر نەبووە .

ئەوەی زیاتر گەڕەکمە قسەی لەسەر بکەم بەشداری یەکگرتووی ئیسلامیە کەلەسەر چەند خاڵێك بڕیاریان لەسەر داوە ومیدیای کوردی بەخیانەت و کارێکی نەشازی وەسف دەکات گوایە ئەم کارانە لەمێژووی یەکگرتوو جێگای قبوڵ نیە وە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی داوا دەکەن کەدەبینین یەکگرتوو لەبڕیارەکانی ئەم کۆبونەوەیە پاشەکشەبکات کاری لەم جۆرە دووبارە نەکەنەوە
.

ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی ئەمن وئاسایشی خەڵکی بێنێتە مەترسیەوە ئەگەر یەکگرتوو دژی خەڵکی کوردستان سەنگەر بنێت لەگەڵ دوژمانی خەڵك لەیەك بەرە دا بوبێت ,ئەگەر یەکگرتوو دژی سەربەخۆی کوردستان بێت بۆ (عیراقی ئیسلامی عەرەبی ) هەوڵبدات و کاربکات,ئەگەر یەکگرتوی ئیسلامی بیەوێت شەڕی مەزهەبی و تایفی پەیدا بکات ,ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ تیرۆرستان و جاشە بەکرێ گیراوەکان خەریکی کۆبوونەوات و کۆنفراس بێت, ئەگەر یەکگرتوو لەگەڵ تیرۆرستان و جاش بەکرێ گیراوان خەریکی کۆبونەوە بێت ……… هەموو ئەمانە لەچەندین ساڵی ڕابردوو زۆر بەئاسانی بەسەر یەکگرتوی ئیسلامی تێپەڕیوە ئەم کارانە بگرە زیاتریشیان کردووە .

لەچەندین ساڵی ڕابردوو زۆر بە ئاسانی بەسەر یەکگرتووی ئیسلامی تێپەڕیوە بگرە زیاتریش0

لە چەندین سالی رابردوو دەزگاکانی راگەیاندنی یەکگرتوو مینبەرێك بوون بۆپەخش کردنی‌ترس وتۆقاندن بلاوکردنەوی فتوای کوشتن کەسانی سکولارو علمانی,لەگەڵ کۆنەپەرسترین هێز یەکیان گرتووە بەهێنانی سەرمایەی ئیسلامی لەسعودیاو ئێران و کەنداو, هەزارەها منداڵ وژنیان لەچادر هەڵکێشا, وەزعیەت و خراپی گوزەرانی خەڵکیان بەهەڵ زانی ئیسلامی بونیان کردە مەرجی پەخش کردنەوەی پارەو خۆراکەکانیان , مێشکی هەزارەها لاو گەنجیان شۆردەوەو خۆشیو ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانیان لێ قەدەغە کردن و ساکارترین جوڵەو هەڵسو کەوتو و حەزو هیوایان لێکردن بەحەرام ,ساڵۆن ودوکانەکانی سەر گەرم کردنیان دەتەقاندەوە تێزابیان کرد بەلەش ولاری ئەو ئافرەتانەی کەبە دڵخوازی ئەوان جل وبەرگ ناپۆشن ,بەزۆر کەلتورو دابونەریتی ئیسلامیان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکرد .بەسەدان تیرۆرستیان لەسەر بازگەکانیان پەروەردە کردو فێری هونەری خۆ تەقاندنەوە کران ئەمانە کارو کردەوە بەرنامەو سیاسەتی یەکگرتووو بوە, بەلاٚم پرسیار لێرە ئەوەیە بۆچی ئێستادەسەلاٚتدارانی کوردستان و میدیایی کوردی کونیان پڕبوە لەئاو و دەیانەوێ ئەم هەڵوێستەی یەکگرتووو بەشداری کردنی لەگەڵ ئەم دەستەو تاقمانە بەکارێی نەشازو نەکردە پێمان بناسێنن؟بەلاٚم باسەکە ئەوەیە ئەحزابی دەسەلاٚتدار لەکوردستان لە سەرووی هەمویانەوە پارتی و یەکێتی لەبەر ململانێی ڕەقیبەکانی لە بەرامبەریەکتردا هەموو ئەوانەیان بۆ پەردەپۆش کردن و لە زۆرترین سەروەت و سامانی خەڵك بەهرەمەندیان کردن و بۆ نیو وەزارەت و پەرلەمانەکانیان دەستیان راکیشان,بەلاٚم ئیستا ئەم حیزبانە هەست دەکەن یەکگرتوو و حیزبە ئیسلامیەکانی تریش مەترسین تەنانەت بۆسەر خۆسیان.بۆیە کەوتونەتە پەلەقاژە و لە هەلویست و کارو وکردەوەکانیان هەلویست وەردەگرن .بۆیە ئەم کارو کردەوانەوی یەکگرتوو جێگایی قبوڵ نیە و ئیستاش لێپرسنەوەیان لەگەڵ بکریت باشترە لە بەیانی چونکە خراپتر لە پاشترە!

Bashdar_net@yahoo.com